## بە ئارامی و بەتووڕەیی هونەرو کێشەکانی




# ئا لەمەشیاندا حکومەت تاوانبارە یان خۆیان کەمتەرخەم؟

جاروبار چەند مانگ جارێک کۆنسێرتێک سازدەدەدرێت، شانۆییەک نمایش دەکرێت و فیلمێک پشاندەدرێت، پێشانگایەک دەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە بینەرو ئامادەبوانی هۆڵەکان هێندە کەمن پێشکەشکارەکە زۆر کات پەشیمانە لەوەی کە کردوویەتی، لە ئامادەبوونیشدا جیاوازی لە نێوان هونەرەکاندا هەیە.

لە گۆرانی و مۆسیقاو کۆنسێرتەکان ئامادەبوونێکی زۆر باش دەبینرێت، بەڵام بەبەلاش نەک بە پلیت و پارەدان لەبری ئامادەبوونیان، پشاندانی فیلمی سینەمایی کەمتر لەو شانۆش زۆر کەمتر لەوی پێش خۆی و پێشانگای شێوەکاریش زۆر زۆر کەمتر لەو، لێرە نامانەوێ باس لە ئامادەبوونی بینەر بکەین، چونکە هێندە وتراوە جەماوەر بوونی کەمە، خەڵک یان روونتر خوێنەر تێربووە لەو قسانە، گەرچی لە داهاتوو هەوڵدەدەین لە هۆکارەکان بدوێین، بەڵام لێرە مەبەستمانە باس لە وجودی هونەرمەند بکەین لە کاتی چالاکییە هونەرییەکان، بەداخەوە کاتێک هونەرمەندکە خودی خۆی چالاکییەک پێشکەش دەکات و بینەر ئامادەیی کەم دەبێت و لەنێویشیاندا هونەرمەندان بوونیان نییەو بەرچاوی ناکەون، نیگەرانی دایدەگرێت کە لەو رووەوە پرسیاری لێدەکرێت ئەوا زۆر خراپ دادەبەزێتە سەر هونەرمەندان و باس لەوە دەکات کە ئەگەر هونەرمەندان خۆیان ئامادەی بینین و بەسەرکردنەوەی چالاکییە هونەرییەکانیان نەبێ، ئیدی خەڵک چۆن ئامادەیی دەبێ؟! بەڵام لەهەمان کات بۆ خۆشی ئامادە نییە تەنها چالاکییەکی هونەری بەسەربکاتەوەو کەمێک لە کاتەکانی خۆی کە زۆرێکی بەفیڕۆ دەدات بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات، بۆیە لێرە لەخودی هونەرمەندەکان دەپرسم، بۆچی ئامادە نین لەکاتی چالاکییە هونەرییەکان؟! ئەگەر هۆکار ئەوەیە ئەو هونەرمەندە بەوە نازانن کە ئەو چالاکییەی ئەنجامداوەو ئاسانکاری بۆ کراوە، خۆ دەتوانن لەکاتی چالاکییەکە ئامادەییان هەبێت و هەر چ کەموکوڕییەک ببینن بەدیدێکی هونەرییانە هەڵسەنگاندی بۆ بکەن و روونی بکەنەوە کە ئەو کەسەی ئاسانکاری ئەو چالاکییەی بۆ کراوە کاتی ئەوەی نەهاتبوو، خۆ ئەوەش دەزانم کە هونەرمەندەکان زۆرێکیان قەڵەم بەدەستەوە ناگرن بۆ ئەوەی لەو رێگاشەوە پەیامی هونەرەکەیان بگەیەنن، جا نازانم بۆ بێتواناییان دەگەڕێتەوە لەو رووەوە یان بۆ شتی دیکە؟! بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە پێویستە لەسەریان لەو رووەشەوە گرنگی تەواو بەخۆیان و کارەکانیان بدەن.

بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی زۆر لە مەسەلەکە دوورنەکەوینەوە، ئامادەنەبوونی هونەرمەند بۆ بەسەرکردنەوەی چالاکییە هونەرییەکان، بووەتە خوویەکی دزێو لەنێویانداو بەر لە سەرزەنشتی خۆیان سەرزەنشتی یەکتری پێدەکەن، کە ئەوەش بۆ خۆی یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی بەردەم پێشکەوتنی هونەر، چونکە بە راستی ئەوان بۆ خۆیان لەپەنای زانستە هونەرییەکەیانەوە ئەگەر گرنگی بە لایەنی رۆشنبیری خۆشیان بدەن لەپەنای رۆشنبیریشەوە ئامادەییان لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکی هونەری هەبێ باشتر لە هەموو کەس دەتوانن هەڵسەنگاندن و شیکار لەسەر ئەو کارە هونەرییە بکەن نەک وەک ئێستا چاوەڕێی کەسانێکی وەک ئێمەمانان بن کە کەمێک لە زانستی هونەر نازانین و هەڵسەنگاندیان بۆ دەکەین، بەڵام بەداخەوە ئەوان ئامادەی بەسەرکردنەوەی چالاکییەکانی یەکتر نین، کە ئەوەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، لەوانە: ئیرەیی بردن بەیەک و بەکەم سەیرکردنی کاری یەک و دانەنان بەکاری یەک و نەبوونی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی یەکدی کە خۆشەویستی یەک لە خەسڵەت و بەها جوانەکانی هونەرو بەهونەرمەندبوونەو بەداخەوە ئەوانیش بزریان کردووە، کە بەدڵنیاییەوە تاکو هونەرمەندان تۆوی خۆشەویستی هونەرو بەعەشق سەیرکردنی هونەر نەک شتی دیکە لەدڵیان نەڕوێنن ناتوانن گرنگی بەخۆشیان و هونەری وڵاتەکەشیان بدەن، هەر ئەو ئامادەنەبوونەش بوو کە لەکاتی گەڕانەوەی هونەرمەند (عەدنان کەریم)ی نیگەران کردو لە کۆڕێکی (هۆشەنگی کامکار)دا هەستێتەوەو رەخنە لەو رەوشە بگرێت و داوای خۆشەویستی یەکدی لە هونەرمەندەکان بکات، بەڵام خۆ خۆشەویستی شتێک نییە دابین بکرێت و دابەش بکرێ تا ئەمەش بکەینە رەخنەو رووبەڕووی حکومەتی بکەینەوە، بەڵکو خۆشەویستی ئەو عەشقەیە کە زادەی راستگۆیی و هەستی مرۆڤ بوونەو یەک لە بنەما جوانەکانی هونەرەو دەبێ هونەرمەندان خۆیان کۆشش بۆ دروستبوونی بکەن لەنێو خۆیانداو بیگەیەننە ئەو ئاستەی کە هێندەی خۆیان کارەکانی هونەرمەندەکانی دیکەشیان لا جوان و گرنگ بێت و بەگرنگییەوە لێی بڕوانن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن.